

د.ناسیح مەلا کەریم

بەقەیرانبوونی هەرێم

دەسپێك:

(بەقیرانبوونی هەرێم) لەدایکبووی ئەمڕۆ نیە و دەرەنجامی چەندین پاڵنەری مەنهەجی، پەروەردەیی و دەروونی، کەسایەتی، سەرکردەیی، سیاسی و یاسایی، دروستبووە و کۆمەڵێ دەرهاویشتە و لێکەوتەی مەترسیداری بەدوای خۆیدا هێناوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر باری دەروونی تاکی کوردیی و کەسایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی و سامانی گشتی و ئایندەی هەرێم دروستکردووە!!

ناساندن:

قەیران(Crisis) یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرترین مشتومڕی لەسەرە و مێژووییەکی دورودرێژی لەگەڵ مرۆڤایەتی هەیە. بەگەڕانەوەش بۆ فەرهەنگەکانی زمانەوانی و کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی و بواری نێودوڵەتی، ڕێمان دەکەوێ لە چەندین پێناسەی ئەم چەمکە، کە سەرجەمیان ترسناکیی و هەڕەشەکانی قەیران وێنا دەکەن، و هەڵقوڵاوی منداڵدانی قەیرانن وەک حاڵەتێکی نائاسایی و ناسروشتی و ناتەبا لەگەڵ حاڵەتە ئاساییەکە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند پێناسەیەکی قەیران دەخەینەڕوو، لەوانە:

– لە پسپۆڕییە کارگێڕییەکاندا قەیران بەمشێوەیە پێناسە کراوە: حاڵەتیکی ناجێگیری و پاشاگەردانییە کە ڕووبەڕووی دەزگاکان دەبێتەوە و جۆرێک لە بێسەروبەریی و نائارامی دەخولقێنی و کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پلانەکانی دەزگاکان و دامەزراوەکان و ستراتیژیەتی مانەوەیان و پەیوەندییان بە جەماوەرەوە. ((السید سعید: ٣١:٢٠٠٦))

– لە فەرهەنگی سیاسیشدا قەیران بریتیە لە: هەڵویستێکی لەناکاو، کە هەڕەشە دەکات بە گۆڕان و گواستنەوەی ڕیشەیی لەو هەلومەرجەی ئێستا هەیە و سیاسەتمەدارانی بڕیار بەدەست ڕووبەڕووی واقیعێک دەبنەوە کە مەترسی گەورەی لەخۆگرتووە و دڵنیانین لەوەی چی ڕوودەدات ؟. (الرويلى ٢٠١١: ٤).

– لە ڕوانگەی داراییشەوە (قەیران) بریتییە لە: دارِمانی سیستمی دارایی شانبەشانی شکستخواردوویی و هەرەسهێنانی زۆرێک لە دەزگا دارایی و ناداراییەکان و گرژبوونەوە و چوونەوەیەکی (انكماش) تیژ و مەترسیدار لە بواری ئابوریدا بەشێوەیەکی گشتی. (كورتل ورزيق، د ت: ١٠).

لە سیما و دەرەنجامەکانی قەیران:

– قەیران حاڵەتێکی شلۆقی و لەناکاو و کوتوپڕی پێشبینینەکراوە. یاخود پێشبینیکردنی چەند ساتێکی کەم پێش ڕووداوەکەیە کە ماوەی ئەوە نادات هیچ ڕێ و شوێنێکی چارەسەریی بگیرێتەبەر.

– قەیران دەبێتە هۆی هەرەسی سیستەمی کارپێکراو (دەوڵەتی، ئۆرگانی، کۆمەڵایەتی)، یان لەدەستدانی ئامانجە چاوەڕواکراوەکان.

– زیانی دارایی و مرۆیی و دەروونی بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

– حاڵەتێکی پشێویە کە هەڕەشە لە بڕیارسازان و بڕیاربەدەستان دەکات.

– چەند ساتێکی تەنگی – یەکلاکەرەوە- چارەنوسسازە.

- پێوەرەکانی حومکڕانی ڕاست و دروست الحکم الرشید):
شارەزایان و پسپۆڕان، چەند پێوەرێکیان کردووەتە سەنگی مەحەک بۆ دروستی هەرجۆرە حومڕانییەک، گرنگترینیان ئەمانەن:
- ڕادەی تەموومژاویی و شەفافیەت لە مامەڵە و ڕێکەوتن و پەیوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکاندا.
- ڕادەی پابەندبوون بە ڕێکار و پرنسیپە زانستیی و یاسایی و ئیدارییەکان لە دامەزراندن و بەڕێوەبردن و دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو.
- ڕادەی ئەکتیڤی و لێهاتوویی و پسپۆڕی – پرۆفیشناڵی- سەرکردەکان لە چالاکیی و لەو ئەرکەی لە ئەستۆیان گرتووە و لەو پۆستەی پێیان دراوە.
- ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ) ئازادی، خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، ئاسایشی فەردی و کۆمەڵایەتی).
- ئازادی ڕادەربڕین. - سەربەخۆیی دادگاکان
ئەوەی ئامانجی ئێمەیە لێرەدا بیخەینە بەردەست خوێنەری بەڕێز، خستنەڕوی پاڵنەرەکانی (بەقەیرانیبوون هەرێمی کوردستان)ە.
سەرەتاش دەپرسین:
- ئایا شتێک هەیە لە هەرێمی کوردستان بەناوی قەیرانەوە؟
- دەسترۆشتووانی هەرێم تا چەندە پیادەی پرنسیپەکانی حوکمڕانی ڕاست و دروست – الحکم الرشید-یان کردووە لە سی ساڵی تەمەنی حوکمڕانی کوردی ١٩٩٢-٢٠٢٢؟
- پرۆسەی (زەلیلۆکراسی) و چەمکی (مۆبۆکراسی) تا چەندە لە ڕەفتارەکانی دەسترۆشتووانی هەرێم ڕەنگیداوەتەوە؟
- دروستتر نییە کە بڵێین (بەقیرانبوونی هەرێم) لەبری (قەیرانەکانی هەرێم)؟
- دوای ٣١ ساڵ لە سەربەخۆیی ئیداریی و (نیمچە سیاسی)، هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ مل دەنێ؟
- فاکتەرەکانی شکستی دەسترۆشتووانی هەرێم چین؟
- ئایا دەسترۆشتووانی هەرێم چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە هەرەسی ناسیۆنالیستی کوردیی و پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی کوردی و لەباربردنی شوناس و ئینتیما؟ پێویستە ئەوەش بڵێین: ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان دەگوزەرێت جێی سەرسوڕمان نیە و شتێکی چاوەڕوانکراو بووە، چونکە بەشێوەیەک لە شێوەکان سێکوچکەی کۆمەڵگەیی سەقەتە؛ چ سیستمی سیاسی، چ سیستمە پەروەردەیی و چ سیستمی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. کەواتە، فەلسەفەی پەروەردەیی سەقەت + سیستمی سیاسی سەقەت + سیستمی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەقەت = بە پشێوی، گەندەڵی، بێسەروبەری، پاوانخوازی، زاڵبوونی عەقڵیەتی سیاسی دۆگمایی، ناعەدالەتی.

پاڵنـەرەکانی بەقەیـرانبوونـی هەرێـمـی کوردسـتان

باگـگراوندێـکی مێژوویی:

ئەگەر زۆر نەچینە قوڵایی ململانێ مێژووییەکانی هەردوو باڵی دەستڕۆشتووی ئێستای هەرێم و گوزەرێکی خێرا بە لاپەڕەی پەیوەندییەکانی ئەم دوو باڵە (جەلالی و مەلایی دوێنێ) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) ی ئەمڕۆدا بکەین، ئەوا بێ دوو دڵی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەقەیرانبوونی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەت پاش جیابوونەوەی (باڵی مەکتەبی سیاسی) لە پارتی لە ساڵی ١٩٦٤. ئەمە ڕاستییەکە و بڕوا ناکەم خەڵکی بەویژدانی ئەو دوو حزبە نکۆڵی لێ بکەن.

پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنیش لە ١٩٩٢/٥/١٩ لە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە دەرەنجام و دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی ئەو هەڵبژاردنە پیادەکردنی سیاسەتی (پەنجا بە پەنجا) بوو، کە دەتوانین بێ دوودڵی بڵێین: ئەو سیاسەتە زەنگی (بەقەیرانبوونی هەرێم)ی لێداو، لەو ڕۆژەوە سەرباری چەندین دەستکەوت کە ناکرێ نکوڵییان لێ بکەین، هەرێمی کوردستان زیاتر مۆرکی بەقەیرانبوونی پێوە دیارە و پریشکی ئەو بەقەیرانبوونە سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە بێهەلاوێردن.

هاوڵاتیان لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ توانیان ڕژێمێکی دیکتاتۆریی و خوێنمژ بڕوخێنن و لەناوی بەرن.. بەڵام لەبری گۆڕینی (سیستەمی ستەم و زوڵمکردن) تەنها دەموچاوەکان و زمانی زاڵمەکان و پۆشاکیان گۆڕیی و ستەمی نەتەوەیی زیادی کرد. دەرەنجامی ئەمەش ڕاپەڕین لەبری دەسەبەرکردنی ژیانێکی خۆش و دادپەروەریی و دوور لە ناعەدالەتی، بە بڕوای ئێمە دوو قۆناغی مەترسیداری بەدوای خۆیدا هێنا:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی گەندەڵی و تالانی و سەرلە نوێ کۆلۆنیاکردنی کوردستان. ١٩٩١-٢٠٠٠.

قۆناغی دووەم: قۆناغی(پۆست گەندەڵی) ٢٠٠٠-٢٠٢٢ لە دەرەنجامە هەڕەشەئامێزەکانی ئەم قۆناغە:

بێهیواکردنی تاکی کوردی، تێکشاندنی کەسایەتی و سایکۆلۆژی ئەو تاکە، کەرامەت شکاندن، چینایەتی، کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، هەوڵدان بۆ لەناوبردنی (بەها باڵاکانی)، کوشتنی گیانی نیشتمانی، خنکاندنی شوناس، لەباربردنی ئینتیما، کارکردن بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەک دژ بە خوا، دژ بە ئایین، دژ بە مزگەوت و کڵێسا و پەرستگا و دژ بە کلتوور، دژ بە زانست و زانیاری، نامۆ بە مێژووی نەتەوەیی، یاخیکراو لەخاک... هتد.

بەکورتی، ئەگەر پانۆرامای ٣١ ساڵ حوکمی ناسیۆنالیستی کوردی شەنوکەو بکەین، لەڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە، ئەوا زیاتر لە چەند لێکۆڵینەوەیەکمان پێویست دەبێت.

بە بڕوای ئێمە، سەرجەم پاڵنەرەکانی بەقەیرانبوونی هەرێمی کوردستان لە یەک خاڵی جەوهەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش ڕەتکردنەوەی شەریعەت و نەبوونی قەدەغەکاری ــ وازع ــی ئایینیە لەلایەن دەسترۆشتووانی هەرێمەوە. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە تیشک بخەینە سەر گرنگترین پاڵنەرەکانی بەقەیرانبوونی هەرێم و ئەو پاڵنەرانە بۆ چەند گرووپێک دابەش بکەین:

گرووپی یەکەم – پاڵنەرە سیاسییەکان:

پاڵنەرە سیاسییەکان دادەنرێن بە لوتکەی هەرەمی قەیرانەکان؛ چونکە مانای ئەم پاڵنەرانە واتە: گۆڕینی ڕێڕەو و نەخشەڕێگای سیاسەتکردن و دەوڵەتداری لەو ئامانجەی کە خەبات و سیاسەتی لەپێناودا کراوە، بۆ ئامانجگەلێ جیاواز لەو ئامانجانە، کە هەندێ جاریش پێچەوانەی خواستی نیشتیمانی و بەرژەوەندی باڵای خەڵک و خاکن. مەترسییەکانی ئەم گرووپە پاڵنەرانە (پاڵنەرە سیاسییەکانی بەقەیرانبوونی هەرێمی کوردستان) لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەرەمی دەسەڵاتەوە هەیە.

لە گرنگترین پاڵنەرە سیاسییەکانیش:

– باڵادەستی سیستمی (مۆبۆکراسی): مۆبۆکراسی بەوجۆرە وڵاتانە دەوترێت کەسانی ناشارەزا و نەزان و بێ توانا وڵات بەڕێوەدەبەن. یاخود ئەم دۆخە کاتێک دێتە پێش بەهۆی بوونی گێژاوی سیاسیی و یاسایی لەم وڵاتەدا. لێرەدا پایەکانی دەوڵەت بەرەو لەناوچوون دەچن. لێرەوە خەڵک تووشی دۆخێکی ناهەموار و دژوار دەبن، ئەم دۆخە کاتێک دروست دەبێت وڵات بە دروشم دیموکراسی و بە کردار وڵاتێکی دیکتاتۆرییە و خەڵک هەست بەبوونی نادادی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی دەکەن لە ئەرک و ماف دا. (فەرهەنگی جیهانی سێیەم October ٦, ٢٠١٦)

– تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا و وەلانانی ڕاوێژکاریی و بەشداری پێنەکردنی هاوڵاتیانی هەرێم لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت یان لانیکەم لە مەسەلە چارەنوسسازەکاندا.

– نەبوونی سیستمێکی هەڵبژاردنی ئازاد و دوور لە فشار و هەژموونی حزبی و کڕینی ویژدان.

– نائارامی و بەشبەشێنەی سیاسی؛ لە ڕواڵەتەکانی ئەم جۆرە نائارامییەش: نەبوونی یاسا و ڕێسا و پێوەرە کارپێکراوەکانی پەیوەست بە دەوڵەتداری، باڵادەستی ڕەفتاری لادەرانە، جەنگی نێوان لایەنە ناکۆکەکان، دووبەرەکی و دەستێوەردانی دەرەکی، (یارییە سیاسییە چەواشەکارییەکان)... هتد.

– سستی و لاوازی ئەدای دەزگاکان: ئەمەش پاش ئەوە دێت وەک لەماوەی ئەم چەند ساڵە بینیمان، دامودەزگاکان لە لوتکەی هەرەمی جێبەجێکردنەوە تا شۆڕ دەبێتەوە بۆ نزمترین ئاستی دەسەڵات، پڕکراونەتەوە لە خەڵکانی ناشایستە و نەشارەزا و بێئاگا لە پرنسیپەکانی بەڕێوەبردن و ئەخلاقیاتی ئۆرگانی و دامودەزگایی. نکۆڵیش لەوە ناکرێ کە ئەم دەزگایانە هەزاران کەسی شایستە و کارامە و لێهاتوو لەخۆدەگرن، بەڵام یان گۆشەگیرکراون یان ڕێنادرێ وەک پێویست کارامەیی و لێهاتووی خۆیان بخەنەگەڕ.

– لەدایکبوونی ناسروشتی حکومەت: ڕاستە دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢ ئەزموونێکی نوێ بوو لە مێژووی کورددا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش قەبوڵ بکەین کە ئەم لەدایکبوونە هەم لەڕووی (کات) و هەم لەڕووی (شوێن)ەوە ناسروشتی بوو، چونکە زۆرینەی هەرەزۆری ئەوانەی بڕیار بەدەستبوون لەوماوەیەدا – کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕەشی لەگەڵ بێت – خەڵکانێکی هەڵقوڵاو و پەروەردەکراوی دەوڵەتداری نەبوون، بەڵکو دەستنیشانکراو(تعیین) بوون و لە سیناریۆییەکی دوای ڕێکەوتنە سیاسییەکان کراونەتە کاربەدەست و فەرمانڕەوای هەرێم، بێ گوێدانە شایستەبوون و ناشایستە بوون. کە ئەمەیان (واتە لەدایکبوونی ناسروشتی حکومەت) گرێکوێرەی گرێکانە و قەیرانی قەیرانەکانی حکومەتی باشووری کوردستانە!!

– نەبوونی شەفافیەت و لێپێچینەوە و لێپرسینەوە: ئەمەش پاش ئەوە دێت کە زۆربەی دەسەڵاتەکان لە دەستی چەند کەسێکدا کۆکراوەتەوە و دەیان دۆسییەی گرنگ و خزمەتگوزار و دەوڵەتی – نیشتمانی- (دۆسیەکانی نەوت و غاز و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک نموونە) چەند کەسێکی دەستڕۆشتوو نەبێ، کەس لێی ئاگادار نییە – بە زۆرینەی وەزیرەکانیشەوە –.

– لاوازی وشیاری سیاسی: ئەم پاڵنەرەش دادەنرێت بە پاڵنەرێکی گرنگ لە سەرهەڵدانی قەیرانەکان و لەبارچوونی پرۆسەکانی گەشەپێدان. هەروەها ناوشیاریی و بێ ئاگایی هاوڵاتی لە مافە سیاسییەکانی و نەبوونی زانست و زانیاری پێویست و پەیوەست بە میکانیزمەکانی مومارەسەی دەسەڵات، ڕێخۆشکەرن بۆ سەرهەڵدانی قەیرانەکان، لەسەروو هەموویانەوە، قەیرانە سیاسییەکان و قەیرانە ئابوورییەکان.

بەکورتی، زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین: کرۆکی بەقەیرانبوونی هەرێم لە)سیستمی حومکڕانی)دا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە پێش قسەکردن لەسەر هەر پاڵنەرێک لە پاڵنەرەکانی بەقەیرانبوونی هەرێم ئەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە لە ڕۆژی پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی١٩٩٢وە سیستمی حوکمڕانی ئیفلیجە و لەسەر بنەمای (هێز+ دەستەگەرایی+ بەرژەوەندی حزبی) پێکهێنراوە، ئیتر لەو ساتەوە حکومەتی هەرێمی

کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشەدایە و کابینە یەک لە دوای یەکەکانیش هێندەی سیمای (حیزبیبوون)و (بەشبەشێنەیی سیاسی یان پێوە دیار بووە، هێندە نەتەوەیی و نیشتمانی نەبوون، دامودەزگاکانی حکومەت هێندەی بنەماڵەیی و حیزبی بووە و پەرۆشی پاراستنی ئاسایشی حیزب بووە، هێندە دەزگاگەلێکی خۆماڵی و زانستی و ئیداری نەبووە و لە خەمی هاوڵاتیانی خۆی نەبووە.

پەیوەندییەکی بتەو هەیە لە نێوان سیستمی سیاسی و سیستمی کارگێری (حوکمڕانی). چونکە حکومەت لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە بێت دوو ئەرکی بنەڕەتی زۆر گرنگی لە ئەستۆدایە: یەکەم، سیاسەت، واتە پلاندانان و پرۆژەسازیی و بەرنامەی سیاسی و سیاسەتی گشتیی. دووەم، بەڕێوەبردن، واتە جێبەجێکردنی ئەو پلان و پرۆژانەو بەگەڕخستنی سیستمی سیاسی و پراکتیزەکردنی پرۆژە پێشنیازکراو و بڕیار لەسەر دراوەکان.

گرووپی دووەم - پاڵنەرە ئابورییەکان: لە گرنگترینی ئەم پاڵنەرانەش:

- قەیرانە ئابوورییەکان. بەتایبەت وەک دەبینین زۆرێک – ئەگەر نەڵێین هەموویان – لەو قەیرانانە دروستکراون، بەئامانج پلانیان بۆ دادەنرێت.

- کەمی کرێ و مووچە لە کەرتی حکومی بە بەراورد لەگەڵ کەرتی تایبەت.

- قۆرخکردنی ناوەندی بڕیارە ئابورییەکان لەلایەن کەمینەیەکی دەسەڵاتەوە. کە هەندێ جار ئەو کەمینەیە ژمارەیان لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ ناکات.

- ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەشی بەرهەمهێنان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە زەبەلاحەکان و هەڵاویردنی ئەو کۆمپانیانە لە یاسای باج و لێپێچینەوە.

- گرووپی سێیەم - پاڵنەرە کارگێڕی و یاساییەکان، لەوانەش:

- سەربەخۆنەبوونی دادگاکان.
- فرەیی دەزگا یاسایی و ئیدارییەکان.
- نەبوونی هۆشیاریی بەڕێوەبردن.
- هەتاهەتایی پۆست و پلە وەزیفییەکان.
- پشتبەستن بە کەسانی ناشایستە.
- لێنەپرسینەوە و سزانەدانی سەرپێچیکاران.

ماوەتەوە بڵێین:

زاڵبوون بەسەر پاڵنەرەکانی (بەقەیرانبوونی هەرێم)دا و دەربازبوون لەم گێژاوەی دروستکراوە، بەڕای ئێمە لە یەک خاڵی وەرچەرخانەوە دەستپێدەکات، ئەویش چارەسەری (قەیرانی سەرکردە)یە و کلیلی چارەسەرکان – پاش فەزڵی خوای گەورە و گەڕانەوە بۆ ڕێبازی ئەو زاتە- لێرەوە دەبێت.

سەرچاوەکان

ـ جابر: عبد الرؤف، دراسات قانونية مقارنة في قوانين هيئات الرقابة العليا – منشورات الحلبي الحقوقية – بيروت، ط ١، ٢٠٠٤ /٢١٢.

ـ جون: سليفان الكسندر شكولنكوف، مكافحة الفساد، منظورات وحلول القطاع الخاص / ١٩.

ـ رزيق: كمال و فريد كورتل، الازمة المالية، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة – العدد ٢٠أ. ص ٨.

ـ روز أكرمان: سوزان، الفساد والحكم، ترجمة: فؤاد سروجى، الأهلية للنشر والتوزيع. عمان – ط العربية الأولى، ٢٠٠٣. /٦٠.

ـ الرويلي: علي بن هلهول، الأزمات تعريفها – أبعادها – أسبابها د. جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية–

الرياض١٤٣٢ ./ ، ص٤.

ـ سعيد: السيد، استراتيجيات إدارة الأزمات والكوارث. دار العلوم للنشر القاهرة ط١، ٢٠٠٦ ص٣١.

ـ شتا: السيد علي، الفساد الإداري و مجتمع المستقبل، المكتبة المصرية، القاهرة/ ٢٠٠٣، ص ٢٧.

ـ عبدالله: سرور محمد،الفساد و أداء النظام السياسي – رسالة ماجستير – غير منشورة،جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية،بغداد، ٢٠٠٧،/ ٢٩.

ـ عبيد: نهاد عبدالحليم، الوقاية من الجريمة في ضوء السنة النبوية،مجلة الأحمدية – العدد الثالث عشر –محرم ١٤٢٤ هـ – مارس ٢٠٠٣م، دبي / ٦٦.

ـ محمود: صلاح الدين فهمي، الفساد الإداري كمعوق لعمليت التنمية الأجتماعية و الأقتصادية /١٤٥– ١٤٧.